www.kurdistannet.org
26-7-2007 0:59بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

بروسکەیەکی بەپەلە بۆ ناوەندی چاک، (شێخ تەیب) ی خۆفرۆش هەڵات بۆ سوریا و چەند مەسولێک بەڵێنی ئەوەیان داوە خێزانەکەی ڕەوانەی سوریا بکەن!!!

هەموومان دەزانین شێخ تەیب، کە ناسراوە بە تەیبە کوێر کە موستەشارو خۆفروشو بەعسی بووە، دەستی لە کوشتنی چەندین ڕۆڵەی قارەمانی ئەم گەلەدا هەبووە بەشداری پڕۆسەی ئەنفال و وێرانکردنی گوندەکانی کوردستان و چەندین پێشمەرگەی قارەمانی تەسلیم بە (حاجی عەبد) کردوە کە دوو کەسیان بە خزمایەتی بە خۆیی دەگەن و برای یەکن بە ناوەکانی (شێخ ئەمین ئسماعیل) کە حاکمی کۆمەڵایەتی 51 گەرمیان بووە، ئەویتریان (شێخ نەجم ئسماعیل) ە لە گەڵ دوو پێشمەرگەی قارەمانی تری گەرمیان لە ساڵی 1988 بە پارەیەکی زۆر تەسلیمی حاجی عبدیان دەکات، دوای ئەوەی شێخ تەیب وەك خۆفرۆشانی تر ناوی بلاو دەبێتەوە کە دادگای بکرێت، بەناوی نەخۆشیوە بە یارمەتی چەند مەسولێکی سلێمانی بەرەو (ئوردن) و پاشان بۆ (سوریا) ڕەوانە دەکرێت، هەروەها دەسەڵاتی سلێمانی بەڵێنی ئەویان پێداوە لەماوەیەکی نزیکدا خێزانەکەی و منداڵەکانی بۆ ڕەوانە دەکەن بۆ سوریاّ؛ ئەم خۆفرۆشە تا دوێنێ پێشمەرگەی تەسلیم دەکرد، بەڵام لە سلێمانیدا کۆشکێکی گەورەی لێداوە کە 9 نۆ بەس ئاودەستی تیایە و 23 بیستو سێ سپلیتی تیایە و کوڕەکەی کە ناوی (هەردی) ە کە دەم ڕووتێکە ئەویش تا دوای ڕژێمی بەعس وەك باوکی سلێمانی نەبینی بوو، کەچی ئێستا لە سلێمانی دەستی بالای هەیە و خەڵکی دڕوات بۆ لای ئەو بۆ واسیتە، ئەمەیە کورداییەتی، ئێمە وەك کەسوکاری ئەنفال و شەهیدان پەنامان بۆ ئێوە هێناوە شۆڕش گێڕانی ناوەندی چاك، داواتان لێ دەکەین لە بۆسەدا بن هەرکە هاتنە ئەوروپا بەڵکوو ڕاپێچی بەردەم دادگای عدیلانەیان کەن، چونکە ئێمە دڵنیاین پارتی و یەکێتی خۆفرۆشانیان خۆشتر دەوێت تاوەکو پاشماوەی ئێمەی ئەنفالللللللللللللللللللللل

کەسێکی نزیك لە یەکێك لەو شەهیدانی کە بەدەستی (شێخ تەیب) تەسلیم بە بەعس کرا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.